**عەبدوڵڵا سەمەدی**

# ڕاست و درۆ

**ڕاست و درۆ بە جادەیەکدا دەڕۆیشتن؛ ڕێگایان کەوتە سەر کانییەك. درۆ ڕووی کردە ڕاست و گوتی: با جلکەکانمان داکەنین و لەم کانییەدا مەلە بکەین. ڕاستی دڵپاك و خۆشباوەڕ، جلکەکانی داکەند و خۆی لە کانی هاویشت.**

**تا ڕاست لەگەڵ کانییا دەسلەملان بوو، درۆ لە وشکانی دەستی دایە جلکەکانی ئەو و کردیە بەرخۆ و لێیدا ڕۆیشت.**

**ڕاست کە لە ئاو هاتە دەر، جلکەکانی نەمابوون. چی کردبا؟! ناچار بە ڕووتی ملی ڕێگای گرت و ڕۆیی.**

**لەو ڕۆژەوە تا ئێستا، ڕاست هەر ڕووت و قووت مایەوە.**

**هەنووکەش لیباسی نییە و ڕووتە.**

**دوای ئەو ڕووداوە، زۆر کەس تووشی درۆ دەهاتن و نەیاندەناسییەوە، چونکە ڕواڵەتی لە ڕاست دەچوو.** [١]

[1] ئەم چیرۆکەم لە ئەدەبی فارسی وەرگرتووە. کاتی خۆی لە بەشی منداڵانی گۆڤاری مەهابادا بڵاوم کردەوە. نەمزانی خاوەنەکەی کێیە، ڕەنگە فۆلکلۆر بێ، بەڵام بێشك خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم چیرۆکە، هەموو مرۆڤایەتییە.